# بانگەوازێک لە کۆمەڵەی دۆستانی کەرکوکەوە

**بۆ گەلی کوردستان و ڕێکخراوە ڕامیاری و کۆمەڵەکییەکانی لە کوردستان و جیهاندا**

## با نەورۆزی ئەمساڵ بکەین بە نەورێزێک بۆ کەرکوک

هەمیشە نەورۆز ، لەوەتی کاوەی ئاسنگەر چەکووشەکەی دایە سەر زوحاکی زۆڕدار، هەر هێمای ئازادی و ڕزگاری بووە لەدەست کۆیلایەتی و ڕێخۆشکەری ڕۆژێکی نوێ بووە بۆ سەرکەوتنی ڕاستی و ڕووناکی بەسەر بە زۆرداری و تاریکییەوە.

جا ئەمڕۆ، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە جەماوەری گەلی کوردستان سەرکوتن ئەنجام دەدەن دژ بە دوژمنانی سەربەستی و ئاشتی، هەروەها دژ بەو شۆڤێنیستانەی دەیانەوێ دەنگی گەل خامۆش کەن، شاری کەرکوک و کوردەکانی کە بە درێژایی هەشتا ساڵ زوڵموزۆریان لێکراوە و هەوڵدراوە کە هێز و شکۆداریی کورد بشکێندرێن و کۆسپوتەگەرە بخرێتە ڕێی تێکۆشانی بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی و ژیانێکی ئاسوودە و بەختەوەر وەکوو هەموو گەلانی تری جیهان.

با ئاهەنگێڕانمان و فێستیڤاڵەکانمان ئەمساڵ لەگەڵ هەموو کارە جۆراوجۆرەکانماندا کە پەیوەستن بە نەورۆزەوە، تەرخانکرێن بۆ کەرکوک و پشتگیریکردن لەم شارە دێرینەی کوردستان. با کەرکوک ببێتە شارێکی نموونەیی بۆ برایەتی و تەبایی و دڵۆڤانی بۆ هەموو کورد و تورکمان و کلدۆئاشور و ئەرەبە ڕەسەنەکان. ئەوانەی کە ژیان و مێژوویەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و لە هەمان کات ناشێت ڕکوکین و بەرژەوەندی کاتەکی و بانگەشەی گومانلێکراوی دەرەکی ناتەبایی دروست بکات لە نێوانیان.

جا بە نەورۆزی ئەمساڵ ببێت بە نەورۆزی برایەتی.

بێگومان بەبێ کەرکوک فیدراڵی کوردستان پەسەند ناکرێت، بێ فیدراڵیش بۆ کوردستان دیمۆکراسی ناچەسپێندرێت.

کۆمەڵەی دۆستانی کەرکوک

سویێد/ستۆکهۆلم

یەکشەمە 2005/2/13

Infokirkuk@hotmail.com

http://www.kirkukfriends.com